# بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا

د. شوان سلێمان یابە
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی

**کورتەی توێژینەوە**

ڕووداو ئەو کردارەیە بەهۆی جووڵەو ململانێی کارەکتەرەکانەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە لە ئەنجامی گەلێك هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، هەندێك جار کێشەکە لەسەرەتادا لە حاڵەتی هەست پێنەکردنداییە، واتە لایەنێکی کەم لە کێشەکە خراوەتەڕوو، دواتر لە ناوەڕاستدا گرێ و ئاڵۆزی تێدەکەوێت، تاڕادەیەکی زۆر لایەنە شاراوەکانی کێشەکە دەردەکەون، پاشان ڕووداوەکان بەرەو خاوبوونەوە هەنگاو دەنێن و دەگەن بەکۆتایی، لێرەدا دەقەکە بەداخراوی یا بە کراوەیی جێدەهێڵرێت. هەر لەسەرتای دەستپێکردنەوە ڕووداوەکان بەپێی ڕێچکەیەك یان چەند ڕێچکەیەك بنیات دەنرێن و بە ڕێگایەك یان زیاتر لە ڕێگا هونەریەکانی گێڕانەوە دەگێڕدرێنەوە.

بۆ شیکردنەوەی گرنگی و بایەخی ڕووداویش ڕۆمانی (پێشمەرگە) کە لەلایەن ( د. ڕەحیمی قازی) نوسراوە، لە ( ١٣٤) لاپەڕە و ( ٩) پار پێکهاتووە بە نموونە وەرگیراوە. کە باس لە ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٤١ - ١٩٤٥) ی وڵاتی کوردان دەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرباری جوانی سروشتی دڵگیری گوند و شارەکانی و بوونی مرۆڤ گەلێکی دڵسۆز وبەشخوراوی، دوو سیمای خراپ دەخاتەڕوو کە بونیان هەبووە لەو کاتەدا و دەستیان لە کاروبارو ژیانی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەردەداو زۆربەی لایەنەکانی ژیانیان کۆنترۆڵ کرد بوون، ئەم دووسیمایەش دەسەڵاتی ئاغاکان لەناوخۆ و داگیرکەرە ئێرانیەکان لە دەرەوە بوون، بۆیە ئەم ڕۆمانە، گێڕانەوەی دوو ڕووداوی سەرەکی (کۆمەڵایەتی ، سیاسی) یە لەیەك کاتدا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا چەمك و زاراوەو پێکهاتەو جۆرەکانی ڕۆمان شیکراوەتەوەو تیشکی خراوەتە سەر. لەبەشی دووەمیشدا لایەن و جۆرەکانی ڕووداو وەکو بنیاتی پێکهێنەری ڕووداو لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا. لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی کە لەتوێژینەوەکە بەدەستهاتوون خراونەتەڕوو.

## پێشەکی

ڕووداو ئەو کردەیەیە لەلای هەریەکێك واتایەك دەگەیەنێ، یەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانـەوەی ڕۆمـان، پەیوەندیـەکی تـەواوکاری بـەهێزی بـە کارەکتـەر و کـات و شـوێنەوە هەیـە، بـەجۆرێك هـیچ کامێکیان بەبێ یەکتری بوون و پێگەی هونەرییان لە دەقدا نابێتو بە توخمی یەکەمی گێڕانـەوەش دادەنرێت، بەهەردوو جۆرەکەی (واقیعی، خەیاڵی) و ڕۆڵ و پێکهاتە هونەرییەکەی کە ڕووداوی سەرەکی و لاوەکییـە، دەبێـت سـەرەتاو ناوەڕاسـت و کۆتـایی هـەبێت بـۆ ئـەوەی ببێتـە کردارێکـی تـەواو، پاشـان بـە ڕێچـکەیەك یـان چـەند ڕێچکەیەك بنیات دەنرێت و بەیەکێك یان زیاتر لە ڕێگە هونەرەکیەکانی گێڕانەوە دەگێڕدرێتەوە.

سنوری توێژینەوەکـەمان دیاری کـراوە، یەکێکـە لەتوخمـەکانی گێڕانـەوە، توێژینـەوە لـە هەریـەك لەتوخمـەکانی مەودایـەکی فـراوان و کـاتێکی زۆری دەوێت، بۆیـە تـەنها(ڕووداو)مان وەرگـرت تـاکو بـەپێی توانـا، مـافی خـۆی پـێ بدەین لەڕووی تێورییەوە پاشان لەڕۆمانی(پێشمەرگە)دا جێبەجێی بکەین.

گرنگـی توێژینەوەکـە: بـوونی ڕووداو لـە ژیانـدا، پەیوەسـتە بـە کەسـەکانەوە، زۆر جـار لـە واقیعداتـەنها خـودی ڕووداوەکە دەبیـنین، بـە پێـی گومـان یـان ئەزموونـەکانمان هۆکـاری پشت ڕووداوەکان دیاری دەکـەین، بـەڵام کـاتێ ڕووداو لە دەقێکی گێڕانەوەی ئەدەبیـدا دەخرێتـە ڕوو، بـە هۆکـارە نـاوەکی و دەرەکیـەکانی دروست بـوونی ئاشـنا دەبین، بەمەش جیاوازی ڕووداوی واقیعی ژیان و ڕووداوی ڕۆمان دەردەکـەوێت. هـەروەها گرنگیەکـەی دەگەڕێتـەوە بۆ خودی (بنیاتی ڕووداو) و ڕۆڵ و پێگە گرنگەکەی لە دەقـە گێڕانەوەکانـدا کـە هەیـەتی، بەتایبـەتی لـە ڕۆمـانی (پێشمەرگە)دا.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بـەش پێکهـاتووە، لەبەشـی یەکەمـدا چـەمك و زاراوەو پێکهاتـەو جۆرەکـانی ڕۆمـان شـیکراوەتەوەو تیشکی خراوەتـە سـەر. لەبەشی دووەمیشـدا لایـەن و جۆرەکـانی ڕووداو وەکـو بنیـاتی پێکهێنـەری ڕووداو لە  ڕۆمانی پێشمەرگەدا.

## بەشی یەکەم

## چەمك و زاراوە و مێژوو و جۆرەکانی رووداو

### - چەمك و پێناسەی ڕووداو

ڕووداو وشەیەکە بۆ گەلێك مەبەستی جیاجیا بەکاردێت، لای ئینگلز(Event) (سەلام ناوخۆش ٢٠٠٥: ١٦٣) ، لای عەرەب (حَدَث) (رزگار کەریم ٢٠١٠: ١٣١)، لای فارس (رویداد) (هەژار موکریانی ١٣٨٨: ٣٥١)، لای کوردیش (ڕووداو)بەکار دێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەزۆربەی لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، بۆیە لەناو کورد دا لە پاڵ ئەو وشەیە چەند وشەیەکی دیکە بەکار دێن، وەکو:(کارەسات) (حسێن عارف ٢٠٠٥: ٢٧٤)، (قۆمیاو) (هەژار موکریانی ١٣٨٨: ٣٥١)، (لێقەومان)* ،........هتد. تائێستا ئەم وشەیە جێگیرە لای خەڵك و لە فەرهەنگەکانیشدا جێگای خۆی گرتووە و نووسەرانیش لە نووسینەکانیاندا بەکاریان هێناوە، لەبواری ڕێزمانیشدا (کردار)یان (کار)ی پێدەگوترێت (فەهمی شوکر عەبدوڵلا ٢٠٠٦: ١٩).

جیاوازی بیروڕای ڕەخنەگران و توێژەران و نووسەران لەبارەی پێناسەی (ڕووداو)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ (تایبەتمەندی و سروشتی بەردەوامی جوڵانەوە و بەرەو پێشچوونی بیر و فەلسەفە وزانست،.....هتد) (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ١٥)، لە یەکێکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیکە، ئەمەش بۆتە هۆی جێگیر نەبوونی پێناسەیەکی تەواو بۆ ڕووداو، بەجۆرێك هەموو لایەنەکان لەخۆ بگرێت، بۆیە چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

(ئەرستۆ) لەبارەی ڕووداوەوە دەڵێت: ((کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە)) (میران جەلال ٢٠٠٩: ١٣)، واتە هیچ ڕووداوێك بێ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی نابێت. (د.عزالدین إسماعیل) دەربارەی ڕووداو لە (ئەدەب و هونەر)دا دەڵێت: (ڕووداو کۆمەڵە بەسەرهاتێکی پارچە پارچەی بەیەکەوە پەیوەندە لەسەر شێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراوە) (ئیبراهیم قادر ١٩٩٧: ٢٤).

ڕۆمانووس هەوێنی بەرهەمەکەی لە ڕووداوەکانی ژیان وەردەگرێت، بەهۆی هونەرەکانی گێڕنەوە دەیانکات بە ڕووداوی هونەری ولە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا دایاندەڕێژێتەوە (سەنگەر قادر ٢٠٠٧: ١٥٤)، لەوێشدا جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری قۆناغی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبەن، لەسەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتر بۆ کۆتایی، لەم ڕوانگەیەوە (د.انگونیوس بگرس) دەڵێت: ((ڕووداو کۆمەڵێ بەسەرهاتە کە حیکایەتخوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو ڕێکیان دەخاتەوە، گەشەدەکەن وگرژ دەبن بەپێی ئەو چوار چێوە هونەرییەی بۆی کێشراوە، پەیوەندیەکی تۆکمەشیان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە)) (هەمان سەرچاوە: ١٥٤).

سەرباری ئەوەی ڕووداو پەیوەندی بەکارەکتەرەوە هەیە بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا دەیگێڕێت، پەیوەندیەکی بەهێزیشی بەکاتەوە هەیە، بۆیە لای (د.محمد زغلول) ڕووداو پەیوەستە بەکاتەوەو بێ کات نابێت (( کردارێکە بەکاتەوە بەندە)) (پەری صالح ٢٠١١: ٣٥).

(د.عەدنان خالید) لەبارەی پەیوەندی ڕووداو بە کارەکتەر و شوێن لە دەقدا، دەڵێت: ((ڕووداو ململانێی کارەکتەرەکانە لە ئەنجامی هەڵوێست و هەڵچونەکانیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا)) (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ١٧).

* لێقەومان (ناوی یەکێك لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەش)ە.

ڕووداو ئەو ڕاستییە لە ژیانەوە وەردەگیرێت و زۆر جار تێکەڵ بەخەون و ئەندێشەکانی نووسەر دەکرێت و بەجۆرێکی دیکە دەگێڕرێتەوە لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی کات دەرناچێت، لەمڕووەوە (د.فادیە مروان) دەڵێت((ڕووداو کۆمەڵێك (واقیعە)ی ڕێکوپێك یان پەرش و بڵاوە لەچوارچێوەی کاتدا)) (جەلال ئەنوەر ٢٠٠٩: ٣٩).

لەڕۆماندا دوو دەستە کارەکتەر هەن، دەستەیەکیان بکەری ڕووداوەکانن، دەستەکەی دیکە دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکان و ئەو کارەکتەرانەی ڕۆڵ دەبینن لەکاتی دروستبوونی کێشەو گیروگرفتەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا دەبنە دوو جۆر: یان یەك دەگرن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە یاخود لە دژی یەکتری دەوەستنەوە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەدا، ئەمەش لەلایەن (ڕۆلان برنۆڤ و ڕیاڵ ئوتیلیە) بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە ((ڕووداو لە ڕۆماندا لێکدانی هێزە دژ یەك و یەك گرتووەکانە لەبەسەرهاتەکاندا کە تیایدا کارەکتەرەکان یان یەکدەگرن یاخود دژبەیەك دەبن)) (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ١٩). لای (حسێن عارف) ڕووداو لە ئەنجامی کارەساتێکەوە[*]، دەرخستنی تەنها یەك لایەنی شاراوە لە کێشەکە سەرچاوە دەگرێت لەم بارەیەوە دەڵێت (ڕووداو بریتیە لە زنجیرەیەك کارەسات، دوای کەڵەکە بوونیان لەسەر یەکتر، لەشێوەی تەقینەوەیەکدا ڕووداوەکە پێك دەهێنن) (حسێن عارف ٢٠٠٥: ٢٧٦).

لەخستنەڕووی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین: ڕووداو: ئەو کردارەیە بەهۆی جووڵەو ململانێی کارەکتەرەکانەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە لە ئەنجامی گەلێك هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، هەندێك جار کێشەکە لەسەرەتادا لە حاڵەتی هەست پێنەکردندایە، واتە لایەنێکی کەم لە کێشەکە خراوەتەڕوو، دواتر لە ناوەڕاستدا گرێ و ئاڵۆزی تێدەکەوێت، تاڕادەیەکی زۆر لایەنە شاراوەکانی کێشەکە دەردەکەون، پاشان ڕووداوەکان بەرەو خاوبوونەوە هەنگاو دەنێن و دەگەن بەکۆتایی، لێرەدا دەقەکە بەداخراوی یا بە کراوەیی جێدەهێڵرێت.

هەر لەسەرتای دەستپێکردنەوە ڕووداوەکان بەپێی ڕێچکەیەك یان چەند ڕێچکەیەك بنیات دەنرێن و بە ڕێگایەك یان زیاتر لە ڕێگا هونەرییەکانی گێڕانەوە دەگێڕدرێنەوە.

**ـــ جۆرەکانی بنیاتی ڕووداو لەڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە:**

بوون و گێڕانەوەی ڕۆمان بەندە بەو ڕووداوانەی بابەت و ناوەڕۆکی ڕۆمان پێکدەهێنن، ئەو ڕووداوانەش لەڕووی تەکنیکی هونەرییەوە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکرێن (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ٥٩):

-ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکی بەپێی ڕۆڵ و پێکهاتەی هونەرییان.

-ڕووداوی واقیعی و ڕووداوی خەیاڵی لەڕووی دروست بوونیانەوە.

وا لە خوارەوە هەریەکەیان دەخەینەڕوو:

١-**ڕووداوی سەرەکی:** مەبەست لەو ڕوووداوەیە کە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانی لەسەر دادەمەزرێت (هەمان سەرچاوە: ٥٩)، بنچینە وبنەڕەتی دەقی ئەدەبیە و زۆر بەفراوانی و هەمەلایەنیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و زۆرینەی تەکنیکەکانی ڕۆمان لەناویدا پراکتیزە دەکرێن (سەنگەر قادر ٢٠٠٧: ١٥٤). و سەرجەم ئاراستەو

[*] حسێن عارف دەربارەی کارەسات دەڵێت: ((کارەسات بەتەنیایی، هەردەم وەك تاشە سەهۆڵێکی ناو دەریا خۆی دەنوێنێ، کە کەمی بەدەرەوە وەیە و زۆری لەحەشاردایە. لەکاتێکدا ڕووداوەکە ئەنجامی تەقینەوەیەکە، سەراپای دەکەوێتە ڕوو)).

ڕێڕەووەکانی دیارن، سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، لادانی کارێکی ئەستەمە، چونکە بۆشایی و کەلێنێکی گەورە دروست دەکات کە پڕ ناکرێتەوە (پەری صالح ٢٠١١: ٣٧)، ڕۆمانووس لە ورترین و شاراوەترین نهێنی نەبینراوەوە پرۆسەی گێڕانەوەکەی دەست پێ دەکات و هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییە نهێنیانە بدۆزێتەوەکە دەبێتە بناغە بۆ داهێنانی هەر هێشووە ڕووداوێك یان ڕووداوێکی لاوەکی بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی ڕووداوی سەرەکی، کە مەبەستی سەرەکی نووسەرە لەبەرەو پێش چوونی پرۆسەی گێڕانەوەدا، چونکە ئەم ڕووداوە ڕەنگدانەوەی بیرو فەلسەفەکەیەتی و مەبەستێکی تایبەتی خۆی لەپشتە دەیەوێ گوزارشتی لێ بکات و پێشکەش بە وەرگری بکات (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ٥٩)، ئازادیشە لەوەی چەند ڕووداوی سەرەکی لە ڕۆمانەکەیدا بەکاربهێنێ (سەنگەر قادر ٢٠٠٧: ١٥٨)، بوونی زیاتر لە یەك ڕووداوی سەرەکی بەزۆری لەو ڕۆمانانەدا بەرچاو دەکەوێت کە ڕووداوەکانیان بەڕێچکەی تێکهەڵکێش یان تەریب بنیاتنراون.

٢- **ڕووداوی لاوەکی:** مەبەست لەو جۆرە ڕووداوانەیە کە ڕۆمانووس پەنایان بۆ دەبات بۆ زیاتر قوڵبوونەوەو ڕوونکردنەوەی ڕووداوە سەرەکیەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا، بەمەبەستی دروست کردنی پەیوەندیەك لەنێوان هەردوو جۆری ڕووداوی سەرەکی و لاوەکی، تاکو ڕووداوەکان بەشێوەیەکی چالاك و کاریگەرو زیندوو پێشکەش بە وەرگر بکات (ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ٨٤)،ئەرکی سەرەکی ڕووداوە لاوەکیەکان بەخشینی زانیاری زیاترە لەبارەی ڕووداوی سەرەکییەوە لەگەڵ بەخشینی جۆرێك لە هەمەڕەنگی بە بابەتەکانی دەقەکە (سەنگەر قادر ٢٠٠٧: ١٥٤).ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەو بایەخەیان نییە کە ڕووداوی سەرەکی هەیەتی، بۆیە دەکرێت لابېردرێن بێ ئەوەی خەوش و بۆشایی دروست بکەن (پەری صالح ٢٠١١: ٣٧).هەروەها نووسەر ئازادە لەوەی چۆن باسیان بکات و چەند درێژیان بکاتەوە (سەنگەر قادر ٢٠٠٧: ١٥٤)، بەمەرجێك کارنەکاتە سەر ڕووداوی سەرەکی وبەسەریدا زاڵ نەبێت و نەیشارێتەوە (ئیبراهیم قادر ١٩٩٧: ٢٥).

٣-**ڕووداوی واقیعی:** ئەوەیە کەرەسەی بەرهەمەکەی لە واقیعی ژیان هەڵێنجرابێ و بەداهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابێ و بەشێوەیەك خرابێتە پێش چاو، ئاسۆی زانستی خوێنەری پێ فراوان بکرێ (حسێن عارف ٢٠٠٥: ٧٨)، واتە دوای وەرگرتنی ڕووداوەکە لە ژیانەوە، سا لەڕووی ناوەڕۆکەوە کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، ....هتد بێت لەلایەن نووسەرەوە دەبێت لەچوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا دابڕێژرێتەوە و بەشێوازێکی هونەری بگێڕێتەوە و سودوچێژ ببەخشێ .

هەندێ ڕووداوی واقیعی هەڵقوڵاوی ژیانی ڕۆژانەو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی نووسەرە، ڕووداوەکە لەو کۆمەڵگایە وەردەگیرێت (پەروین عەبدوڵلا ٢٠٠٨: ٢٩)، ئینجا یان وەکو خۆی، واتە چۆن لە واقیعدا ڕووی داوە، ئاوا دەیخاتەوە ڕوو یاخود بەدەستکارییەوە وەری دەگرێت و بەبیری خۆی لێکی دەداتەوەو لە بێژینگی دەدات (محەمەد ئەحمەد ٢٠٠٦: ١١١)، لەگەڵ ئەندێشەی ناسکی و تێبینیە وردەکانیەوە (ئیبراهیم قادر ١٩٩٧: ٢٤)، ((ئەگەر ڕووداوەکە لە واقیعی ژیانەوەش وەرگیرابێ، یان گوازرابێتەوە، بێبەش نابێت لە ئەندێشەی نووسەرەکە، بەدەگمەن هەیە ڕووداو بخرێتە ناو دەقێکی ئەدەبی شوێن پەنجەی نووسەرەکەی پێوە دیار نەبێت)) (پەروین عەبدوڵلا ٢٠٠٨: ٣٠).

ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ئەوەیە کە تێکەڵاون لە واقیع و خەیاڵی نووسەر (شوکریە ڕەسوڵ ١٩٨٩: ١٥٤)، بەڵام کاتێك نووسەر سۆزو خەیاڵی تێکەڵ بە ڕووداوەکە دەکات، نابێت خەیاڵەکەی وای لێ بکات لە هزری مرۆڤ بەدوور بێت، چونکە هەر لادانێك، یان زێدەڕۆییەك، وەرگر هەستی پێ دەکات (پەروین عەبدوڵلا ٢٠٠٨: ٢٩-٣٠).

٤- ڕووداوی خەیاڵی: ئەو ڕووداوەیە کە پەیوەستە بەخەیاڵی نووسەرەوە، لێرەدا بۆ دروست بوونی هەمان کەرەستەکانی واقیع بەکار دەهێنێتەوە، بە خەیاڵی خۆی دایاندەڕێژێتەوە بەمەش جیاوازی دەخاتە نێوان ڕووداوەکانی ژیان و ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە.

دەشێ هەندێ جار ئەو خەیاڵە لەواقیعەوە نزیك بێت لەوانەشە زۆر دوور بێ لەواقیع و تەنها لەخەیاڵی ڕۆماننووسدا ئەو شتە ئەگەری ڕوودانی هەبێت.

## بەشی دووەم

## بنیادی پێکهێنەری ڕووداو لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا

**- پوختەیەك لەدەقی ڕۆمانەکە**

ڕۆمانی (پێشمەرگە) لەلایەن ( د. ڕەحیمی قازی) نوسراوە، لە ( ١٣٤) لاپەڕە و ( ٩) پار پێکهاتووە ، لەلاپەڕە (١٩) ەوە دەست پێ دەکات، لاپەڕەکانی پێشووتر تایبەت کراون بە وتەی نووسەر و(د. عیزالدین) و ( حەسەن قزڵجی).

ڕۆمانی (پێشمەرگە ) باس لە ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٤١ - ١٩٤٥) ی وڵاتی کوردان دەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرباری جوانی سروشتی دلگیری گوند و شارەکانی و بوونی مرۆڤ گەلێکی دڵسۆز وبەشخوراوی، دوو سیمای خراپ دەخاتەڕوو کە بونیان هەبووە لەو کاتەدا و دەستیان لە کاروبارو ژیانی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەردەداو زۆربەی لایەنەکانی ژیانیان کۆنترۆڵ کرد بوون، ئەم دووسیمایەش دەسەڵاتی ئاغاکان لەناوخۆ و داگیرکەرە ئێرانیەکان لە دەرەوە بوون، ئەم دوو هێزە لەناوچەکەدا و زاڵبوونیان وابەستەی یەکتری بوون، نە ئاغا بێ دەوڵەت و لایەنگری ( شا ) هیچی بۆ دەکرا، نە ( شا ) ش بێ ئاغا و دارو دەستەکانی هیچی لەگەڵ کوردان پێدەکرا، وەك دەڵێن ((دار کرمی لە خۆی نەبێ عومری هەزار ساڵە))* ، بۆیە ئەم ڕۆمانە، گێڕانەوەی دوو ڕووداوی سەرەکی (کۆمەڵایەتی ، سیاسی) یە لەیەك کاتدا. ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکە ، باس لە ستەمی ئاغا دەکات بەرامبەر هەژارانی گوند، ڕووداوە سیاسییەکەش، باس لە زوڵمی حوکمڕانی ڕەزا شا و محمد ڕەزا شای پەهلەوی دەکات ، کە بووە هۆی دروست بونی ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ) و کۆبونەوەی کۆمەڵێك خەڵکی چەوساوەو ستەملێکراو لەدەوری دواتر ناوی ( پێشمەرگە ) یان لێنرا، چونکە مرۆڤ گەلێکی کۆڵنەدەرو خەمخۆری کورد و کوردستان بوون. ڕۆمانی (پێشمەرگە ) لە چواچێوەی دوو ڕووداوی سەرەکیدا،چەندان ڕووداوی دیکە لەخۆ دەگرێت کە دەچنە خانەی ڕووداوی لاوەکیەوە.

**-- بنیادی پێکهاتەی ڕووداو**

لەخوێندنەوەی ئەم ڕۆماندا خوێنەر ڕووبەڕووی دوو ڕووداوی سەرەکی ( کۆمەڵایەتی، سیاسی) دەبێتەوە لەگەڵ تێکهەڵکێش کردنی چەند ڕووداوێکی لاوەکی و ڕەگەزی ئەدەبی لەگەڵیان کە پەیوەستن بە

* پەندی پێشینان.

ڕووداوە واقیعیەکانی کات و شوێنێکی دیاریکراو ، لەگەڵ ئەزموونی تایبەتی و خەون و خۆزگەکانی ڕۆماننووس. وا لەخوارەوە هەریەکەیان ڕوون دەکەینەوە :

**١- ڕووداوی سەرەکی :**

أ- ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکەی، باس لەکێشەو ململانێی خێزانی کورد دەکات بەدەست ئاغاوە، واتە چەوساندنەوە و ستەم لێکردنی ئاغا بەرانبەر ڕەعیەت دەخاتەڕوو ، بەتایبەت خانەوادەی پێشمەرگەیەك .

کاك مامەند و خێزانەکەی یەکێك بوون لەو ماڵانەی لە گوندی کانی (سەوزە) ، ژیانیان بەسەپانی و ڕەنجدەری کردنی (قەرەنی ئاغا) بەڕێوە دەچوو، ئاغا لەڕێگەی جۆراو جۆرەوە دەیچەوساندنەوە ، لەبەر ئەوەی (پیرۆت)ی کوڕیان چووبوو بۆ سابلاغ و لەوێ ببوو بە پێشمەرگە و ئەندامێکی دیار و چالاکی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) بوو ، (کۆمەڵە) دژی هەر ئاغایەکی ستەمکار و نیشتمان فرۆش و ئەڵقە لەگوێی داگیرکەران بوو، (قەرەنی ئاغا)ش یەکێك بوو لەو ئاغایانە ، بەمەش زیاتر ترس لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی نزیك ببۆوە ، بۆیە دەستی لەئازاردانی ئەو پیرە پیاوە هەڵنەدەگرت.

کاك مامەند لەچلەی هاوینی ١٩٤٥ گرفتار بوو بوو ، چونکە ((نۆ مانگی تەواو بەخاو و خێزانەوە، لە زەوی ئاغا کاری دەکرد وە ڕۆژی نەمر و نەژی زستانی وەسەر یەك دەنا)) (پ.ل ٢٠ ) ، بەڵام دوو ڕووداوی سروشتی و مرۆیی(( تەرزەی بێ وادە، کوللەو سنی بێ ئامان و ژەنگی نێزیك بەر خەرمانان تەواوی دەغڵەکەی لەکەڵك خستبوو. ئەو توتنەی کە لەقەد پاڵی کێوی بەهەزار کوێرەوەری ڕەعەمەلی هێنابوو گاڕانی ماڵە ئاغای تێوە چووبوو ، وەهەمووی پێشێل کردبوو)) (پ.ل٢٠) لەگەڵ نەهاتنی یارمەتی لەو ماوەیەدا لەلایەن (پیرۆت)ەوە، چونکە لەو کاتەی( ساڵی ١٩٤١) کەکانی سەوزەی جێهێشتبوو و ببوو بەپێشمەرگە لەباوکی وخانەوادەکەی غافڵ نەببوو ماوە ماوە هەواڵی دەپرسین و شتی بۆ دەناردنەوە لە ((دراو و پێڵاو و قەند و چا)) (پ. ل١١٩) ، ئەمەش یارمەتییەکی باش بوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لەڕۆژە ناخۆشەکاندا بەڵام ((لەهاوینی ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن کۆمەڵەوە پیرۆت وێڕای دووکەس لە سەرۆکەکانی کۆمەڵە بۆ مەڵبەندی لای ماکۆ و خۆی و سەلماس ناردرابوون بۆ کاروباری سیاسی لەو سەفەرەدا کە چەند مانگێکیان پێ چوو و لەو ماوەیەدا پیرۆت نەیتوانی یارمەتیەك بۆ باوکی بنێرێ)) (پ.ل١١٩) .

ئەمانە سێ هۆکاری سەرەکی بوون کەوایان لێکرد بەتەواوی لەچلەی زستانی ١٩٤٥ موحتاج ببێ ، بۆیە ناچاری داوا کردنی قەرز بوو لەئاغا ((بەڵام ئاغا نەك دەغڵی بەقەرز نەدابۆیە، تەنانەت داوای گاجووتەکانیشی کردبۆوە ، سەرباری ئەوەش گوتبووی دەبێ ئەو تۆوەی دایچاندووە و خەسار بووە بۆ عەمباری بهێنێتەوە ، ئاغا هەموو ڕۆژێ گزیری دەنارده سەر کاك مامەند و بۆ گاجووت و تۆوەکە)) (پ.ل٢٠).

کاك مامەند بڕیار دەدات بچێتە لای ئاغا و داوای لێخۆش بوون بکات لەبەرانبەر تۆو و گاجوتەکەدا بەزەیی پێدابێتەوە لەبەر ئەوەی توونتەکەی گاڕانی ماڵی وی فەوتاندی وە لەو کاتەدا جگە لەخودا و پاشان ئەو کەسی دیکە شك نابات لەو کێشەیەدا بەهانایەوە بێت و یارمەتی بدات (ئاغا لەو قسانەی کاك مامەند کە بۆنی دڵمەندی و ئیحتراز و ناڕەزایەتی لێ دەهات توڕەبوو و گوتی: وەرن ئەو سەگبابەی وەدەرنێن خێرێکمان لەسیکبەری وی نەدی کەچی داوای قەرزیشمان لێ دەکات، وادیارە بەهەتیوەکەت کەچووەتە سابلاغ و بووەتە پێشمەرگە پشت ئەستوری ، بۆیە قسەی وا زەلام دەکەی لەکن من. نا،نا ، بەسەری تۆ ئەمن لەوان ناترسم و ناهێڵم پێی لەو دێیە بنێ)) (پ.ل٢١).

ئاغا زۆر حەزی لەناوبانگ و دەرکەوتن بوو لەنێو ئاغاواتی کورددا، بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی بەلایەوە ئاسایی بوو ئەگەر بەسەر لاشەی چەندان کرمانجدا هەنگاوی نابا ((ئەمن ناهێلم ئەو رێ و شوێنەی کەلەباب و باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە رەش و رووت تێکی بدەن .کرمانج چی یە تا لە حاست ئاغای خۆی بە عیسان حیساب بکا؟ کرمانج چی یە کە بلێ ئەمنیش هەم؟))(پ.ل٢١) بەتایبەت لەو کاتەوە کە پەیمانیان پێدابوو مەدالیایەکی رێز لێنانی بۆ لە (محمد رەزا خانی پەهلەوی) شای ئێران وەربگرن، ئەگەر چوار ئەفسەری هەلاتووی سەقز بەسەلامەتی بیاننێرێتەوە بۆ تاران و نەکەونە دەست پیاوانی (کۆمەڵە)، بەلام ئەو ئاواتەی نەهاتبۆ دی لەبەرئەوەی پیرۆت و چەند برادەرێکی رێیان لێگرتبون و یەکێکیان کوشتبوون و چی چەك وفیشەکی پێیان بووبوو ئەوان بردبوویان و سەیارەکەشیان تێکدا بوو، ئاغا شەرمەزاربوو مەدالیاکەشی وەرنەگرت!

لە چلەی زستانێکی ساردو و سەختدا کە نانی پێخۆریشیان نەبوو، ئاغا یارمەتی نەدان تا لەو رێگەیەوە ناچاریان بکات پیرۆت لە سابلاغەوە بگەرێننەوە، بۆئەوەی پێیان بسەلمێنێ قسە هەر قسەی ئەوە و تا بمێنێت دەسەلات هەر بۆ ئەوە و ژیان هەر لەپێناوی ئەو دایە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە تا پیرۆت نۆکەری ئاغا بکاتەوە بەنانەزگو ئەو سوکایەتیانەش قبوڵ بکات کە بەرانبەری دەیکات.

کاك مامەند باوەری وابوو ئەگەر کۆشێك ماڵ و منداڵی بەملەوە نەبایە هەر ئەوکات لەساڵی (١٩٤١)لەگەڵ (پیرۆت و شێرکۆ)دەرۆیشت، جا چۆن ئێستا داوا لەکورەکەی دەکات بگەرێتەوە، بۆیە چی دی ئەوە قبوڵ ناکات کە سەر بۆ ئاغا نزم بکات و لێی بپارێتەوە، بریار دەدات بچێت بۆ دارستان و دار کۆبکاتەوە و بیفرۆشێ تا بتوانێت بەپارەکەی خواردن بۆ خێزانەکەی دابین بکات تا لەبرسان نەمرن ((سبەینەیە کاك مامەند کە تەمەنی لەشێست ساڵ تێپەریوە، سواری کەرەبۆز بووە، بەکۆڵانە پر لەبەفرەکانی دێدا بەرەو شاخی دەروات ..... دەڵێ(( حەوت سەر خێزانم دوو رۆژە بێ نان و پێخۆر ماونەتەوە هەموویان چاویان لەدەستی منە .... دەزانم ئەگەر پیرۆت بانگ کەمەوە ، بیکەمە نۆکەری ئاغا و مەجبووری بکەم دەست لەکارەکەی هەڵبگرێت ئەوێ دەمێ کاروبارم باش دەبێ ، بەلام ئەو کارەی ناکەم و ملم لەحاست ئەو نامەردەی دانانەوێنم)) (پ .ل٢١ — ٢٢) .

برسیەتی و ساردو سەرمای ئەو رۆژە رێگای نەدا کاك مامەند بگاتە دارستان، بەناچاری شەو لەئەشکەوتێك مایەوە، بیرکردنەوە لەبرسیەتی منداڵەکانی و ساردی و سری کەش و هەوا لەم شەودا نەیهێشت خەوی لێ بکەوێ، تا رۆژبۆوە (( زمانی بەستڕابوو ، هەردوو لاقی سر بوو بوو )) (پ.ل١٣٠). لەبەیانی هەمان رۆژدا ئاغا بەپێی داب و نەریت بەتەواوی خۆی بۆ راوە کەروێشك ساز کردبوو ، بەلام لەدەرکەی ئەشکەوتەکە کاك مامەندی کوشت ، لەبەر چوار هۆ :

١- هاتنەدەری کاك مامەند لەئەشکەوت، بەخشینی لەسەر زگ خشپەخشپی دروست کرد، بەمەش ئەو کەروێشکەی کەدەیانویست راوی بکەن دەرپەری .
٢- ئامادە نەبوو (پیرۆت) ی کوری بیهێنێتەوە بۆ بن دەستی ئاغا و پێی بڵێ واز لە پێشمەرگایەتی بهێنە ، چونکە ئەو کارەی کەکورەکەی هەڵبژاردبوو بەنرختر بوو لە گیانی خۆی و دەیزانی رێگای راستی گرتووە،ئاغا هەرچەندە رەنجدەران بچەوسێننەوە لەسایەی پێشمەرگەوە رۆژێك دەسەلاتی کۆتایی دێت یاخود سنوردار دەکرێت و هیواو روناکیەك دەگات بەهەژاران.
٣- پیرۆت چەند جار هەرەشەی تۆڵە سەندنەوەی خۆی و باوکی بۆ قەرەنی ئاغا ناردبوو .

٤- دەر برینی ڕەزامەندی (سەرگورد شمێرانی) [*]، هێندەی دیکە ئاغای هاندا، بۆ لێدان لەو پیرە پیاوە سەرمابردووە.

((لەو قەت پاڵەی کە کاك مامەند لەئەشکەوتەکەیدا شەوێ مابووەوە ، نێزیك بوونەوە.... یەکێك لەنۆکەرەکان ..... لە دوورەوە دیی کەروێشکەکە لەبن بەفردا لەژێر ئەشکەوتەکەدا خۆی مات داوە .....بۆئەوەی لەلان دەرنەپەڕێ پێشاو بڕی داوە .... هێشتا هەموو سوارەکان کەروێشکەکەیان دەورە نەدابوو .... دیتی لەلای ئەشکەوتەکەوە خشپەیەك هات و کەروێشکەکە دەرپەڕی .... کاك مامەند لەوکاتەشدا هەویای ژیانی لەدەست نەدابوو و بەبیستنی ئەو دەنگە بەزگە خشە سەری لەئەشکەوتەکە هێنا دەرێ ....ئاغا کەدیتی کەروێشکەکەی هەڵات .... لەداخان هێندە دەهری بووبوو .... دیتی ئەوە کەلاکی کاك مامەندە بەعاستەم پشووی دێ ... هێندەی دیکەش توڕەبوو و .....بەپێلاقە تێی بەر بوو دەستی کرد بەجنێودان (( ئەی تولە باب ، لەوکێوەش بۆ کەیف و خۆشی من هەر بەرهەڵست پێك دێنی ، ئاخر ئەگەر تۆ ئەو سەرەگلاوەی خۆت لە ئەشکەوتەکە نەهێنابایەدەرێ کەروێشکەکە هەڵنەدەهات)).... ئاغا دانەمرکاو هەر لێی دەدا و دەیگوت : (( دەی باگیانت دەرچێ لەبرسان ! ئاخری هەمووتان هەرلەبرسان مردنە، کرمانج چییە کە لەحاست ئاغا بڵێ((ئەمنیش هەم))، جابا ئێستا پیرۆتی کوڕت بەدەنگتەوە بێت!)) سەرۆکی ژاندارم کە زانی ئەوە کاك مامەندەکەی بابی پیرۆتە زەردەخەنەیەکی هاتێ و قەرەنی ئاغا لەو زەردەخەنەیەدا ڕازیبوونی سەرگورد شمێرانیی لەو کارە هەست کردو هێندەی دیکەش لەکاك مامەندیدا... لەبەرچاوی سەرۆکی ژاندارم و قەرەنی ئاغا گیانی دەرچوو)) (پ.ل١٣١-١٣٢).

((پیرۆت ... چەند جارێك هەڕەشەی بۆ قەرەنی ئاغا ناردبوو وە گوتوبووی : ((ئەگەر ڕۆژێکم بمێنێ تۆڵەی خۆم وبابمی لێ دەکەمەوە ....)) ،،، ئاغاش .... لەژێرەوە و لەڕێگای جیاواز جیاوازەوە بۆ پتر ماڵ وێرانکردن و چارە ڕەشکردنی خێزانی کاك مامەند لە هیچ چەشنە خراپە و نا پیاوەتییەك نەدەپرینگاوە )) (پ.ل١١٩).کەواتە دەکرێت بڵێین : ڕووداوە کۆمەڵاتییەکان بەسێ قۆناغدا دەڕوات ، بەم شێوەیە

| سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|
| ڕەنجدەری لەساڵی ١٩٤١ + هەوڵدانی ژن هێنان بۆ کوڕەکەی + بەڕێکردنی کوڕو زاواکەی | فەوتانی کشتوکاڵەکەی لەهاوینی ١٩٤٥ | بێچاری لەچلەی زستان ١٩٤٥ + کوژرانی |

ب) ڕووداوە سیاسیەکەی: باس لەخەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە دەکات لەڕۆژهەلاتی کوردستان ، لەچوارچێوەی کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی (ژیانەوەی کورد[*]) (دواتر گۆڕا بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان) کە لەپێناوی

---

[*] شمێرانی یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی توانی لەڕووداوی ڕێگریەکە خۆی لەدەستی (پیرۆت وبرادەرانی) ڕزگاربکات بەڵام ئەو ترس و داخەی هەر لەدڵدا مابوو بەرانبەر (پیرۆت) ، بۆیە ڕەزامەندی دەربڕی.

[*] چوار بیروڕای جیاواز هەیە بۆ لێکدانەوەی واتای (ژ.ك):(ژیانەوەی کوردستان)، (ژیانەوەی کورد)، (ژیانی کوردستان)، (ژیانی کورد)[1]، بەڕای ئێمە (ژیانەوەی کورد ) دروستە،چونکە:

ڕزگاری‌و سەربەخۆیی کوردو کوردستان تێدەکۆشا ، لەماوەیەکی دیاریکراو دا (لەساڵی ١٩٤١- ساڵی١٩٤٥)، واتە پێش ڕاگەیاندنی (کۆماری کوردستان).

هەروەها پیشاندانی یەکگرتووی‌و هاوکاریکردنی کوردان لەباشوری کوردستانەوە بۆسەرخستنی ئامانجەنە تەوەییەکانی ئەم حزبە.

(پیرۆت و شێرکۆ ) دوو کارەکتەرن، ڕۆماننووس ڕۆڵی پێشمەرگەی پێداون ، بۆئەوەی لەڕێگای جووڵەوهەڵسوکەوتی ئەوانەوە خوێنەر لە ڕووداوە سیاسیەکان و کار و کردەوە و بنەماو بەرنامەو ئامانجەکانی حیزب ئاگادار بکات، سەرباری دەرخستنی ژیانی تایبەتیان، چونکە هەر پێشمەرگەیەك کێشەو گرفتی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆیە دەچووە ناو ئەو حیزبە کە زۆربەی زۆری ئەندامەکانی لەخەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەنجدەر و مافخوراو پێکهاتبوو، ئەم جۆرە ڕووداوە لە سێ قۆناغ پێکهاتووە:




یەکەم هەنگاوی ڕووداوە سیاسییەکە لەوکاتەدا دەست پێ دەکات کە ( شێرکۆ و پیرۆت) بڕیار دەدەن شوێنی نیشتەجێ بوونیان جێ بهێڵن لەهاوینی ١٩٤١، (شێرکۆ ڕووی لەپیرۆت کرد و گوتی:

- ئیتر گیر بوونمان لێرە بێ فایدەیە و دەبێ هەر ئەو شەو بڕۆین. هەستە تفەنگەکانمان هەلگرین‌و بچینە کانی سەوزە، بۆلای کاك مامەند ..... بزانین خودا بۆکوێمان دەبا..... وەدەرکەوتن، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن‌و چ ئامانجێکیان لەبەر چاو گرتووە) (پ. ل٨٨، ل٩٢)، لەپێناوی پاراستنی ژیانیان لەترسی زوڵم و زۆرداری عەجەم و خوێن ڕێژانی ئاغا، دوای ڕووداوی ڕێگریەکە و کوشتنی (مینە ئاغای کانی کیسەڵە) لەتۆڵەی مرۆت، زۆر

---

١- ئەندام بوون لەو کۆمەڵەیەدا مەرجی یەکەمی ئەوە بوو (ئەو کەسەی دەبێتە ئەندام دەبێت کورد بێت)[٢]، بۆیە دەگونجێت کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بێت نەك کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەگەر ( ژیانەوەی کوردستان) بوایە دەبوو هەر لەسەرەتاوە مەرجی یەکەمی لابەرن ، لەبەر ئەوەی کوردستان لەکەمە نەتەوەی دیکەش پێکهاتووە.

٢- (١١)کەس ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) بە (ژیانەوەی کورد) دەبەن کە لەناویاندا ( عەبدولڕەحمان هەژار ، ڕەحیمی قازی )[٣] هەن کەڕاستەو خۆ لەناو ڕووداوەکەدا بوون.

(١) جەمهوریەتی کوردستان، محمود مەلا عیززەت، چاپی یکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١،ل٧٦.

(٢) کوردی هاوچەرخ، م.دارا تۆفیق، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان–ڕانیە، ٢٠١٠.

(٣) جەمهوریەتی کوردستان، محمود مەلا عیززەت،ل٧٦.

حەزدەکەن بچنە ناو (کۆمەڵە)، چونکە پێیان وابوو (کۆمەڵە) دژی ئاغاوات و ڕەئیسی عەجەمە، جگە لەمە هیچی دیکەی لەبارەوە نازانن، کە ئەندامەکانی کێن؟ چەند کەسن؟ لەکوێ کۆدەبنەوە؟ چۆن بیان دۆزنەوە؟ ئەم دوولاوە جێگایەکیان شك نەدەبرد بۆی بچن بۆیە دەچنە ماڵی (میرزا قۆیتاس) دەستە برای باوکی شێرکۆ، تاکو ڕێگە چارەیان بۆ دابنێ، میرزا ئەندامی کۆمەڵەدەبێت، کاتێك شێرکۆ لەحاڵی خۆیان ئاگاداری دەکات، ئەویش دەڵێ:( ئەمنیش لەئینسانێکی وە ئێوە دەگەڕام و خودا ئێوەی گەیاند) (پ.ل٩٥) کەمێك باسی کۆمەڵەیان بۆ دەکات (کۆمەڵە دوژمنی هەموو عەجەمێك نیە، بەتەنیا دوژمنی ئەو ڕەئیسانەیە کە زوڵم و زۆری لە میللەت دەکەن ، کۆمەڵە ڕێگری و ئینسانی بێ خەتا و بێ گوناە کوشتن بەکارێکی زۆر خراپ و قەباحەت حیساب دەکات و وامەعلومە هێشتا بەچاکی لە مەعنای کۆمەڵە حاڵی نەبوون جا گوێتان لێ بێ با بۆتان بەیان بکەم .... باشە پیاوەکانی کۆمەڵە چۆن بدۆزینەوە؟

- بەندە یەکێك لەوانم وە لەخزمەتتاندا ڕاوەستاوم) (پ.ل٩٥ –٩٦،ل٩٩)، دواتر کارتی ئەندام بوونیان دەداتەیە و ناوی نهێنی (ئازەر، برا) بۆ هەریەکەیان دادەنێ، دوای چەند ڕۆژێك لەمیوانی و مانەوەیان لەماڵی میرزا، ئینجا بەئەندامێکی سەرووی خۆی ناساندن بەناوی (کاکە سوار) ئەویش دەیانگەیەنێت بەکاك (بینایی) .

دووەم هەنگاوی ئەم جۆرە ڕووداوە هەنگاونانە بەرەو ناوەڕاستی ڕووداوەکە، ئەو ڕووداوانەی لەم قۆناغەدا ڕوو دەدەن یا ئەم دوو پێشمەرگەیە ئەنجامی دەدەن یاخود کارەکتەری دیکە ئەنجامدەری کارەکەن و ئەوان بینەرو بیسەرینی. براو ئازەر (پیرۆت و شێرکۆ ) لای کاك بینایی فێری هۆکار و سودی دانانی ناوی نهێنی بوون، ئەنجامی ئاشکرابوونی ناوی نهێنی پێڕاگەیاندن، لەسەر نەخشە دابەشکردنی خاکی کوردستانی بەسەر چوار وڵاتی بێگانەدا بۆ ڕوون کردنەوە،ئازاد کردنی خاکی کوردانی بەئەرکی نەوەی وشیاری(گەل) دانا لەو کات و سەردەمەدا، بەباشی تێی گەیاندن کۆمەڵە چی یە؟ و لەپێناوی چیدا دروست بووە؟ و ئامانجی چی یە؟ لەگەڵ ئەوەدا کەتێکۆشەر و شۆڕگێڕ لەدیدی کۆمەلە کێ یە؟ بەکێ دەڵێن؟ بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێك (قازی) خۆی وانەی سیاسی پێ دەگوتنەوە و لەماوەی ساڵێکدا فێری نووسین و خوێندنەوە ببوون.

سەرباری ئەمانە لەگەڵ خۆیدا دەیبردن کاتێك دەچووە نێو عەشیرەتەکان و سەردانی دەکردن، تەنانەت بۆ سەفەری دوریش لەگەڵ خۆیدا دەیبردن تالەلایەك هزرو بیرو توانای ئەم دوو لاوە گەشە بکات و لەلایەکی تر لەپێناوی یەکخستنی ڕیزەکانی کوردو نەهێشتنی ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان بەمەستی یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد و بەدەست هێنانی پشتگیریان بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە. هەروەها ئەرك سپاردن و ئێشکگری چەند شەوان لەدەوری شار نەوەك دوژمن هێرش بکاتە سەری‌و تالاّنی بکات .

(چەند سەرۆك عەشیرەتێکی نیشتمانفرۆش لەشکری خۆیان لەدەوری سابلاّغ وەخڕ کردووە و دەیانەوێ بەشەو پەلامار بهێننە سەر شاری و تالاّنی بکەن . چەند شەوێك هەتا بەری بەیانی کاك بینایی لەگەڵ ئەو دوو لاوە بەنێو شار و قەراغەکانیدا دەخولێنەوە ..... خەڵکی قارەمانی سابلاّغ بەورد و درشتەوە و بە وریاییەکی تایبەتیەوە کێشکی شاری خۆیان دەکێشا) (پ.ل١١٢ – ١١٤).

ئەمانەی سەرەوە ( برا و ئازەر) بەشدار بوون تێیاندا ، بەلاّم ناونان لەتێکۆشەر و خەباتکەرانی ئەو سەردەمە بە(پێشمەرگە) لەلایەن پیرە پیاوێکی نەخوێندەوارەوە بوو، ئەوان لەسەر زاری (هێمن)ی شاعیر بیستیان بکە بۆ کاك بینایی دەگێڕاوە.((دوو ڕۆژ بوو ژمارەیەك لەبرادەرانی خوێندەوار و هونەرمەندو پسپۆڕ و زماناسم وەکۆکردبوو کە بزانین لەزمانی کوردیدا لەجیاتی وشەی سەرباز و نیزامی و عەسکەری و موجاهید و

فیدایی چ وشەیەك لەكاربێنین. زۆر قسەو باسمان لەسەر كرد، كێشە و هەوایەكی گەورە پەیدا بوو، بەڵام نەتیجە وەگیر نەكەوت، هەروەها ماندوو شەكەت بووین و داوای چامان كرد. پیرە پیاوێكی دنیا دیتوو چای بۆ هێناین و بەپێكەنینەوە گوتی:

- با نەخوێندەواریش بم، خۆ كافر نابم بڵێم كێشەی مامۆستاكان لەسەر چییە؟

لەوەڵامدا پێمان گوت كە بەپێچەوانەوە، ڕەنگە یارمەتیشمان بدەی.

بڵێ بزانین لەباتی سەرباز لەكوردیدا چت پێ شك دێ؟

پیرە ..... گوتی:

- بێ بەڵابن ، .......... مەگەر نەتان بیستووە لەڕابردوودا لەنێو كوردەواری بەپیاوی لەخۆبردوویان دەگوت (پێشمەرگە) (پ.ل١٠٩ -١١٠).

**قۆناغی سێیەمی ڕووداوە سیاسیەكە هەنگاو نانە بەرەو كۆتایی.**

لەكۆتایی ساڵی ١٩٤٤ سەردەمی كۆمەڵەی نهێنی (ژیانەوەی كورد ) بەسەرچوو ، بەشێك لەئەندامەكانی لەناو خەڵكدا ناسران و ژمارەیان زانرا، ناوی (ژ.ك) بەتەواوی كوردستاندا بلاّوبۆوە ، لەساڵی ١٩٤٥ لاوانی گوند و دێهاتەكان و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەكان و هەژارانی شارەكان هاتنە ناو شۆڕشەكە لەگەڵ لەشكری بارزانییەكان لەباشوری كوردستان و چەند ئەفسەرێكی پسپۆڕی كورد لەعێراقەوە ، ئەمەش بووە مایەی فرانبوونی دەسەلاّتی كۆمەڵە(ژیانەوەی كورد) لەسابلاّغ و دواتر لە هەوڵی پەلهاویشتنیدا بۆ ڕزگار كردنی ناوچەكانی دیكە لەدەستی داگیر كەران.

هەر لەو ساڵەدا ناوی كۆمەڵەی (ژیانەوەی كورد) گۆڕا بۆ (حزبی دیموكراتی كوردستان) یەكەمین كاری ڕێكخستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو.

پیرۆت یەكێك بوو لەو لاوانەی كە بەنهێنی كاری بۆ كۆمەڵە كردبوو و گەلێك جاران تاقی كرابۆوە و لەئەنجامدانی هەموو كارێك سەركەوتنی بەدەست هێنابوو ، بەردەوام خەریكی فێربوونی هونەری سەربازی بوو ، بەچەند ڕۆژێك لەژێر دەستی ئەفسەرە كوردەكانی عێراقدا بەتەواوی لەم هونەرەدا شارەزا ببوو ، پێشتریش لەقوتابخانەی نیشتمانپەروەری گیان وبیر و باوەڕی خۆی داڕشتبوو ، ئەمەش چاكترین قوتابخانەی پێگەیاندنی پیاو بوو بۆ خزمەتكردن بەگەل ، لەبەر ئەوە كرا بەئەفسەر و سەرۆكایەتی بەسەر چل پەنجا پێشمەرگەدا دەكرد (سەردەشت ) لەسەر دەستی پۆلەكەی ڕزگاركرا، لەهاوینی ١٩٤٥ لەگەڵ دوو ئەندامی سەركردایەتی كۆمەڵە نێردران بۆ ماكۆ و خۆی و سەلماس بۆ كاروباری سیاسی كاتێك لەچلەی زستانی ساڵی ١٩٤٥ فەرمانی ڕزگار كردنی (مەڵبەندی سەقز) و (دیواندەرە) درا، پیرۆت و پێشمەرگەكانی لەڕیزی ئەو هێزانە دابوون كە بۆ ڕزگار كردنی (مەڵبەندی سەقز) بەڕێكرابوون، دوای ڕزگار كردنی (بۆكان)پیرۆت سەرپەرشتی ئەو هێزەی دەكرد كە بەرەو گوندی (كانی سەوزە) بەڕێكاوە بوون، یەكەم پێشمەرگە بوو كەهاتە ناو گوندەكە.

بەم شێوەیە مەڵبەندی سەقزو بەتایبەت گوندی (كانی سەوزە) بەبێ شەڕكردن كەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی كوردستان، چەكدارەكانی ئاغاو خەڵكەكە هیچ بەرگرییەكیان نەنواند لەبەر ئەوەی ((مەلای دێ كە بەنهێنی ئەندامی حیزبی دیموكراتی كوردستان بوو، چەند جارێك لەگەڵ ئەو تفەنگ بەدەستانەدا دوابوو و حاڵی كردبوون كە قەرەنی ئاغا دوژمنی كوردانەو نەكەن لەسەر وی، گوللە بە بەبرای خۆیانەوە بنێن و لەحاست كوردان خۆیان پیاو خراپ بكەن)) (پ. ل١٣٢-١٣٣) .

هەردوو ڕووداوە سەرەکییەکە و(کۆمەڵایەتی،سیاسی)، لەیەك کاتدا دەستیان پێ کرد لەدوو شوێنی جیا ( گوندی کانی سەوزەو شاری مهاباد) ، بەڵام لەیەك کات و شوێندا لەڕۆمانەکە ڕووداوە سیاسیەکە بەکۆتاییەکی کراوەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکە بە کۆتاییەکی داخراو کۆتاییان دێت. دوای ئەوەی پیرۆت بەهێزێکەوە بۆ ڕزگار کردنی گوندەکەیان گەیشتەجێ پێشمەرگەکانی دابەشکرد بۆ گرتنی قەرەنی ئاغا، بەڵام ئاغا لە ڕاوە کەرویشك بوو ، کاتێك هەواڵی گەڕانەوەی پیرۆتی پێڕادەگەیەنرێ کە بەجل وبەرگی ئەفسەرییەوە لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەیە لەترسان ناتوانێت بێتەوە بۆ ئاوایی، بەتایبەت کە تازە باوکی ئەوی کوشتووە و هێشتا لاشەکەی نەشاردراوەتەوە، بۆیە لەگەڵ سەرگورد شمێرانی و چەند ئەفسەرێك جل و بەرگی ژنان لەبەر دەکەن و دوور لەسیفات و خاسیەتی ئاغایەتی و پیاوەتی بەرەو تاران هەڵدێن، جەنازەی کاك مامەندیش بەڕێزەوە لەلایەن پیرۆت وپێشمەرگەکانەوە بەخاك دەسپێردرێت. واتە هەردوو ڕووداوە سەرەکییەکە لەچلەی زستانی ١٩٤٥ لەگوندی کانی سەوزە کۆتاییان پێ دێت .

٢- ڕووداوی لاوەکی :

لەچوار چێوەی هەردوو ڕووداوە سەرەکییەکەدا (کۆمەڵایەتی و سیاسی)چەند ڕووداوێکی لاوەکی خراونەتەڕوو بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری زیاتر دەربارەی زوڵم و زۆرداری ئاغاوات بەرانبەر ڕەعیەتو ژیانی تایبەتی پێشمەرگەکان پێش پێشمەرگایەتیەکەیان، لەکاتی پێشمەرگایەتیەکەیاندا، وا لەخوارەوە هەریەکەیان دەخەینە ڕوو دواتر ڕوونیان دەکەینەوە :

**أ) ژیانی تایبەتی پیرۆت لەچەند ڕووداوێك پێك دێت :**

- لەخێزانێکی ڕەنجدەری گوندی (کانی سەوزە) لەژێردەستی (قەرەنی ئاغا) ژیاوە .
- خۆشەویستی و عاشق بوون .
- دابڕان لە خۆشەویستەکەی .
- ڕێگری .
- هاوکاری کردن لەتۆڵە سەندنەوەدا.

**ب) ژیانی تایبەتی شێرکۆ و چەند ڕووداوێك :**

- لەخێزانێکی ڕەنجدەری گوندی ( کانی کیسەڵە) لەژێر دەستی (مینە ئاغا) ژیاوە.
- مردنی باوك و دایکی .
- دەزگیرانداری.
- خۆخنکاندی خوشکە تاقانەکەی .
- تۆڵە سەندنەوە بەهاوکاری ( پیرۆت).

**ج) مینە ئاغاو ژنە کرمانجەکانی.**

د) بەسەرهاتی میرزا قۆیتاس لەقۆناغی منداڵی + گەورەبوونیدا.

ه ) شەوێك لەشەوانی پێشمەرگەکان.

ئەم ڕووداوە لاوەکیانە بوونە بناغەیەك و ڕووداوی سەرەکیان لەسەر بنیاتنرا، چونکە بوونە هۆکاری سەرەکی بۆ خۆشویستنی (کۆمەڵە) لەلای خەڵکی ستەملێکراو، وەکو ئەو دوولاوەی کاتێك سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو شوێنێکی نادیار، دواتر چوونیان بۆ لای میرزا قۆیتاس، کاتێ میرزا باسی (کۆمەڵە) یان بۆ دەکات،

بەخۆشحاڵییەوە ڕازی دەبن ببنە ئەندامی و لەکۆتاییدا دەبن بە پێشمەرگە ڕاستەقینەی گەل، بەلأم قەرەنی ئاغا هەر دەستبەرداری خانەوادەی (پیرۆت) نابێت بەتایبەتی کە بۆی دەردە کەوێت بۆتە پێشمەرگەو ڕووداوی ڕێگرییەکە بەسەر پەرشتی ئەو بووە لە ڕێگەی برسیەتی کردنیانەوە زیاتر دەیان چەوسێنێتەوە. ڕۆماننووس سەرکەوتووانە وێنەی ڕووداوێکی کۆمەلأیەتی خانەوادەی پێشمەرگەیەکی خستۆتە ڕوو ، لەناویدا چەند ڕووداوێکی لاوەکی باسکردووە ،وەك :

- ڕووداوەکانی خۆشەویستی و دەزگیرانی، دابڕان و تۆڵە

باس لەخۆسەویستی و عاشق بوونی کوڕە کرمانجێك لەگوندی (کانی سەوزە) دەکات بەرانبەر کچێکی شۆخ و شەنگ و نازدار لەگوندی ( کانی کیسەڵە ) .

لەیەکەم نیگاو دیداردا (پیرۆت) عاشقی (مرۆت) دەبێت ، عەشقی ئەو شەو و ڕۆژی لادەکات بەیەك و هەموو بیر و خەیاڵی تەنها لای ئەو دەبێت بەخەیاڵ وێنەی ژیانێکی بەختەوەر دەکێشێت ، ناخۆشی و ئازارەکانی ژیانی لەبیر دەکات، چونکە ئێستا کەسێك هەیە لای ئارام دەگرێت و بۆ ئەو لە هەموو جوانی و خۆشیەکانی دونیا بەنرخترە، دوای ڕازو دلگۆرینەوە لەڕێگەی ژن بە ژنە (پیرۆت خەزالی خوشکی دەدات بە شێرکۆی برای مرۆت ) دەبن بە دەستگیرانی یەکتری (شێرکۆ یەك دوو جار بە میوانی هاتبووە کانی سەوزەو چاوی بە خەزاڵ کەو تبوو. هەر دووك لا، هەم ماڵی کاك مامەندو هەم ماڵی کاك شێرکۆ بە ژن بە ژنە کردن ڕازی ببوون و هەردووك ماڵ تەدارەکیان دەگرت کە پاش وەخرکردنی حاسڵی پایزی شایی و هەڵپەرکێ بکەن ) (پ.ل ٤٥).

شۆخ و شەنگی و ساویلکەی و خۆش باوەری مرۆت لە لایەك و ڕەوشت نزمی مینە ئاغا لە لایەکی دیکە لەگەڵ ڕۆلگێرانی پیرەژنێکی فریودەر، ئەوکچە بەرەو مردنێکی ویستراو دەبەن و لە خۆشەویستەکەی دایدەبرن (کە هۆشی هاتەوە بەر خۆی ... زانی ئەو حەرام زادەیە کاری خراپی بەسەر هێناوە ... دەستی کرد بە گابۆر . هەر لەو حەلەدا فیکری خۆ کوشتنی بە خەیاڵ دا هاتوو .... دەی گوت : (نا ، ئیتر ژیان لە من تاڵەو بۆمن نابێت. کیژی کوردی هەمیشە بە سەر بڵندی و حەیاو ناموسەوە ژیاوەو گەورەترین سەر بەرزی کیژی کوردیش هەر ئەوەیە ، بەلأم ئە من لەو سەربەرزیە بێ بەشم).(پ.ل ٥٦) ،بە خۆخنکاندن کوتایی بە ژیانی دەهێنێت .

مەرگی (مرۆت) گورزێکی جەرگ بڕبوو بۆ پیرۆتی دەزگیرانی و شێرکۆی برای، بۆشاییەکی گەورە لە ناخ و ژیانیان پەیدابوو کە پڕکردنەوەی ئاستەم بوو لە ئەنجامدا ڕق و تووڕەی و هەستی تۆڵەسەندنەوەیان لا سەری هەڵدا، شێرکۆ پیلانێکی بۆ تۆڵە کردنەوە دانا و بە هاوکاری پیرۆت سەرکەوتووبوو لە پیلانەکەیی و مینە ئاغای لە هەمان شوێنی خوشکی بە دارەکەدا هەڵواسی و بە شەق لێدان لە بەردی بن پێیداو پەتی ملی توند بوو و خنکا، بەمەش تۆڵەی باوك و دایکیشی لێکردەوە، چونکە لە هەژاری و برسیەتیدا بە هۆی ئەم ئاغایایەوە مردبوون .

- ڕووداوی ڕێگریەکە

دوای لەدەستدانی خۆشەویستەکەی پیرۆت لە هەلێك دەگەڕا بۆ دەستکەوتنی چەك لە هاوینی ساڵی (١٩٤١) (ئینگلیز ، ڕەزاشای پەهلەوی لەسەر حکوم لابردوو محمدڕەزاشای کوڕی لە جێگەدانا ، بارودۆخی ڕۆژهەلأتی کوردستان لە ژێر دەستی ڕەزاشادا زۆر خراپ بوو )، بەو هۆیەوە ، لە کاتی تێکچوونی بەشە هۆردووەکەی سەقز، ئەفسەرە تارانیەکان زۆرلە خۆیان دەترسان، چونکە ئازار و ئەشکەنجەی زۆر و جۆراوجۆری سەربازە

کوردەکانیان دابوو ، تەنانەت لە سەر بچوکترین هەڵەش ، بۆیە دەترسان بکەونە دەست سەربازەکوردە هەڵاتووەکان یان پیاوانی (کۆمەڵە) ، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات ئیدی کاریان تەواو دەبێت و هەقی خۆیان وەردەگرنەوە ! لەبەر ئەوە داوایان لە قەرەنی ئاغا کردبوو بە سەلامەتی بیاننێرێتەوە بۆ تاران ، ئەگەر ئەوکارەیان لە گەڵ بکات پێش بەڕێکەوتنیان خۆیان خەڵاتی دەکەن (ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان و چەند تفەنگی برنۆ و دەمانچەی پارابلۆم بەوی بدەن) (پ.ل٦٤) وە کە گەیشتنە جێش داوا لە (محمد ڕەزاشا)دەکەن مەدالیایەکی ڕێزلێنان بە ئاغاکەی گوندیکانی سەوزە ببەخشێت، قەرەنی ئاغا لە خۆشیان پەیمانی دەرباز بوونی پێدابوون ، بەڵام پیرۆت و چەند براودەرێکی لە خۆشی دەست کەوتنی چەك و فیشەك و تۆڵەسەندنەوە بە پێی پیلانێکی پێش وەختەی دارێژراو ، ڕێیان لێگرتن .

لە ئەنجامدا یەكێك لە برادەرانی پیرۆت بریندار دەبێت و سەرۆکی ستاندی سەقز (سەرهەنگ خۆچەندی) دەکوژرێت (پیرۆت کە... برینداربوونی هاوەڵەکەی چاو پێکەوت خەنجەرێکی لەسەر دڵی خۆچەندی دا) (پ.ل٧٠)، چی فیشەکی پێشیان بوو دەیبەن و سەیارەکەشیان تێکدەدەن، لەم شەوەدا لەچوار ئەفسەری تاوانبار سێیان خۆیان حەشاردەدەن و ڕزگاریان دەبێت، ئەو تەقەمەنیانەی لەڕووداوەکەدا دەستیان کەوت لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد، پیرۆت (٢) تفەنگ و (٢٠٠) فیشەکی وەبەر کەوت .

- **ڕووداوی مینە ئاغاو ژنە کرمانجەکانی**

دیارترین سیفاتی ئەم ئاغایە چاولەدەری و داوێن پیسی بوو، بەو هۆیەوە چەند کچە کرمانجێکی بێچارە کردبوون، ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتەکەی بەسەر چینی هەژاراندا وەك ئاغایەك و دەست ڕۆیشتووی لەلای داگیرکەرانی نیشتمان، چونکە ببوو بەداردەستیان . مینە ئاغا ((جیا لەژنە دایمیەکانی چەند کچە کرمانجیشی مارە کردبوو وە هەریەکەی چەند ڕۆژێك ڕاگرتبوون و تەلاقی دابوون بەڵام کارەکەش بەوە تەواو نەبوو بوو ........... بۆئەوەی ژنە تەڵاقدراوەکانی مێرد بەغەیرە نەکەن نۆکەرە(محرەمەکانی) خۆی مەجبور دەکرد کۆنە ژنەکانی وی بێنن ))(پ.ل٤٧).

- **بەسەر هاتی میرزا قۆیتاس لەقۆناغی منداڵیدا**

میرزا لەنێوان داب و نەریتی مەلاکانی ئەو سەردەمەو سروشتی زڕدایکێتیدا دەبێتە قوربانی و واز لە خوێندن دەهێنێت ((لەکاتی منداڵیدا لەحوجرەی فەقێیان وەك سوختە هێندێکی لەلای مەلا خوێند بوو و گەیشتبووە مریشکە ڕەشە مەلا ئەو ڕۆژەی گەیشتبووە سوڕەتی (عەبەسە وەتەوەللا، ئەن جا ئەهول ئەعما وەما یودریکە لەعەللەهوو یەززەککا) ، بەمیرزا قۆیتاسی گوتبوو: ( قۆیتاس، عەبەسە ، یانی خوێندن بەسە ، وەتەوەللا یانی بوویە مەلا ، وەما یودریکە ، یانی بویە گوێرەکە ، جائێستا بۆ مەلا مریشکە ڕەشە گەرەکە ..) ، زڕدایکی مریشکە ڕەشەی بەقۆیتاس نەدابوو ، بۆ مام مەلای بەرێ و ئەویش دەستی لەخوێندن هەڵگرتبوو (پ.ل٩٣).

هەروەها لەناو ڕووداوە سیاسیەکەشدا چەند چەند ڕووداوێکی لاوەکی خستۆتە ڕوو ، وەك :

**- بەسەر هاتی میرزا قۆیتاس لەقۆناغی گەورەبووندا:**

میرزا پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی ( کۆمەڵە) پیاوی دیوانی ئاغاکەی بەردەڕەش بوو، هەرجارێکی دەچوو بۆ شار ئەو سوکایەتیانەی عەجەمەکان بەکورد و زمانی کوری دەیانکرد دەیبینی و لەدڵەوە ڕقی لە

ڕەفتارەکانیان دەبۆوە زۆر نیشتمانەکەی خۆی خۆشدەویست، لەبەر ئەوە هەر کە (کۆمەڵە) دامەزرابووبەئەندامی( لەلایەن کۆمەڵەوە بەسەرۆکی لکی بەردەڕەش و حەول و حەوش ، دیاریکرا ) (پ.ل٩٥).

- **بەسەرهاتی شەوێك لەشەوانی پێشمەرگەکان:**

لەدانیشتنی شەوێکی هاوشێوەی شەوانی پێشووتری پێشمەرگەکانی پۆلی (پیرۆت)، چەند پێشمەرگەیەکیان ڕووداوی خۆیان دەگێڕنەوە لەڕێگەی فلاشباکەوە، وەك :

- بەسەرهاتی(مەنگوڕ) کاتێك مەلای مزگەوت لەبارەی چۆنیەتی ڕاوەستانی دونیاوە قسە بۆ خەڵك دەکات ( ....ئەو دونیایە لەسەر پشتی گایەکە و گایەکەش لەسەر پشتی ماسییە و ئەگەر ماسیەکە خۆی بلەرزێنێتەوە ئەو دونیایە تێك دەتەپێ ....) (پ.ل١٢٢) ئەم بیروباوەڕە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا باو بوو، ڕۆماننووس لەشێوەی گاڵتەجاری بۆ پێشاندانی سروشتی واقیع بینی پێشمەرگەکان خستوویەتیەڕوو.
- بەسەر هاتی ( ئەبولباقی کەلهوڕی) بۆئەوەی ئازایی و نەترسی خۆی پێشانی پێشمەرگەکان بدات ڕووداوێکی قارەمانیەتی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام هەر زوو لەڕێگەی پێشمەرگەیەکی دیکەی ناسیاوی ( ئەبولباقی) کە لەوێ دەبێت، هەموو پێشمەرگەکان دەزانن ئەمە تەنها خۆهەڵکێشانەو هیچی دیکە نیە.
- ڕۆماننووس، هەوڵدان بۆ ڕزگار کردنی شارەکانی کوردستان لەئێستاو ئایندەیەکی نزیك وەك ئامانجە سەرەکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر زاری پیرۆت دەخاتەڕوو، کاتێك لەم شەوەدا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دڵ پڕو خەمگینی (کرماشان) بەناوی(ناسر)دەدوێ. (دەزانم بۆچی هێندە مات و دلگیری ، کرماشانت وەبیر کەوتووەتەوە و یەقین دەڵێی ئەوەتا سابلاغ ڕزگار بووە، چەند ڕۆژی دیکە دەچین سەقز و بانەش لە چەنگ دوژمن ڕزگار دەکەین بەڵام کرماشان هەروا بەچەنگ دوژمنەوە دەمێنێ ...
- نا، چاوەکەم، خەفەتبار مەبە. نۆرە ی ڕزگار کردنی کرماشانیش دێ. دەوڵەتی ئازاد و سەر بەخۆی کوردستان بەبێ شارە گەورەو جوانەکەی کرماشان ، ناوچەی نەوت شار و هەزاران دێ و ئاوەدانی پڕسامانیەوە ، وەك باغی بێ بولبول و بەهاری بێ گوڵ وایە. دوێنێ ئاگات لێ بوو، پێشەوا کاتی نوتقکردن بۆ پێشمەرگەکان چی دەگوت ؟ ئێستا کرماشان پڕە لە هۆردووی ئینگلیز و دەوڵەتی ساوای ئێمە جارێ هێزی ئەوەی نییە بەگژ دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئینگلیزدا بچێت .بەڵام ئێمە ڕاناوەستینو بۆ ئازادی تەواوی کوردستان تێدەکۆشین جەمهورییەکەمان بۆتە چرای ڕووناکی تەواوی کوردستان) (پ.ل١٢٤).
- زۆر هەڵە کردنی (سەید عەولای سابلاغی ) لەکاتی قسەکردندا، لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی دڵداری خۆی لەشەوێك لەجێژواندا کە توشی سەگە زەردە دڕەکەی (حاجی برایم) دەبێت، ئەم بەسەر هاتە وەکو سیفاتی هەمیشەیی ئەو خراوەتەڕوو .
- گێڕانەوەی بەسەرهاتی تۆڵەسەندنەوە لە ئەفسەرێکی شاهەنشاه لە(ورمێ)، کاتێك بەشە هۆردووەکەی ئەوێ تێك دەچێت ئەو بەجل و بەرگی ژنان ڕادەکات، بەڵام (حەسۆ شکاکی) دوای دەکەوێ و دەیکوژێ لەتۆڵەی ئەو ئازار و ئەشکەنجە جۆراوجۆرانەی دەرهەق بەو و سەربازە کوردەکانی دیکەی کردبوو، نووسەر بەمەبەست ئەم ڕووداوە لاوەکییەی لە ڕۆمانەکەدا خستۆتەڕوو، چونکە شاکەسی ڕووداوە سیاسیەکەش دەکەوێتە هەمان هەڵوێستەوە کاتێ باوکی لەلایەن قەرەنی ئاغاوە دەکوژرێت و دواتر ئاغا بەجل و بەرگی ژنانەوە ڕادەکات بۆ لای تاران بەڵام ڕووداوی ڕۆمانەکە لەوێ کۆتایی دێت ئەمە بۆ خوێنەر بەکراوەیی جێهێڵراوە کە ئایا پیرۆتیش

وەك (حەسۆ) دوای دەکەوێت تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە یان، نا؟ ،چونکە پێش گەڕانەوەی چەند جارێك هەڕەشەی بۆ ناردبوونەوە و گوتبووی ئەگەر ڕۆژێکم بمێ تۆڵەی خۆم و بابمی لێدەکەمەوە.

١- ڕووداوی واقیعی

زۆربەی ڕووداو و کردارەکانی ڕۆمانی(پێشمەرگە)ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە لەکات و سەردەمێکی دیاریکراو، وەکو:

- بووونی دەسەلاّتی ئاغا و دەرەبەگ و زاڵبوونیان بەسەر چینی ڕەش و ڕووتدا.
- نەریتی ئاغاواتی کورد و چوونیان بۆ ڕاوە کەروێشك لە چلەی زستان.
- قەدەغە کردنی جل وبەرگی کوردی لەسەردەمی حوکمڕانی پەهلەوی (ڕەزا شاو محمد ڕەزاشا).
- ئازاردانی سەربازە کوردەکان لە خزمەتی سەربازیدا، لەلایەن ئەفسەرە عەجەمەکانەوە.
- تێکچوونی دەسەلاّتی پەهلەوی.
- هاتنی فڕۆکە ڕەشە.
- چۆنیەتی چەکداربوونی کوردەکان.
- بلاّوبونەوەی بیری ڕزگاریخوازی کوردستان.
- دروست بوونی کۆمەڵەی نهێنی لە مهاباد بەناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد).
- هەڵبژاردنی (قازی محمد) بۆ سەرکردایەتی کردن کۆمەڵەی (ژ.ك).
- هەبوونی دوو شاعیری میللی لەوکاتەدا بەناوەکانی(هەژارموکریانی و هێمن موکریانی).
- ناولێنان لە تێکۆشەرانی کورد بە(پێشمەرگە).
- دەرکردنی بلاّوکراوەی (نیشتمان) لەوکاتەدا لەگەڵ هۆکاری نەگەیشتنە هەموو جێگایەکی.
- گۆڕینی ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) بۆ( حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (١٩٤٥).
- گرنگیدانی قازی بە خوێندن.
- نەهێشتنی ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان و ئاشتکردنەوەیان لەگەڵ یەکتری لەلایەن (قازی)ەوە.
- ئێشکگری (قازی) وخەڵکی نیشتمان پەروەر و ئەندامانی (کۆمەڵە) لەدەوری شاری مهاباد بەشەو.
- لەکاتی ئەندام بوون لە(کۆمەڵە) یاسای سوێند خواردن (حەوت جار بەقورئان) هەبوو.
- بنکەی سەرەکی (کۆمەڵە) لەماڵی(قازی محمد) بوو.
- دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- سروودی نەتەوایەتی کورد(ئەی ڕەقیب).
- دانانی ناوی نهێنی بۆ کۆمەڵەو ئەندامەکان .
- بلاّوبوونەوەی ناوی (ژ.ك) لە کۆتایی ١٩٤٤ بەتەواوی کوردستاندا.
- چوونی لەشکری بارزانییەکان بۆ ناو (کۆمەڵە) لە مهاباد .
- چوونی چوار ئەفسەرە کوردە پسپۆڕەکانی عێراق بۆ ناو(کۆمەڵە)لە مهاباد .ئەمانەی سەرەوە هەموویان ڕاستەقینەن و ڕوویان داوە و بەبەڵگەی مێژوویش سەلمێنراون.*

* بۆ زانیاری لەسەر هەر یەکەیان بڕوانە :

دەشێ ڕووداوەکانی تر واقیعی بن یاخود نموونەیەك بن هاوشێوەی نموونە واقیعەکانی ژیان، نووسەر بەمەبەست گێڕابنیەوە، وەکو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکە و ئەو ڕووداوە لاوەکیانەی لەچوارچێوەی ئەودا خراونەڕوو.

سەرباری ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بنەماکانی کۆمەڵە (کوردایەتی، ئیسلامیەت، سوڵح، ئاشتی) ڕاگەیاندووە، وەك: لەڕێگەی نەهێشتنی ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان (عەشیرەتەکانی پێکەوە ئاشت کردووەتەوە ) (پ.ل٣٤) ، بەشداریکردنی بارزانیەکان و چوار ئەفسەرەکە لەپێناوی کوردایەتی لەگەڵ خەڵکی شار و دێهاتەکانی کوردستان ، کوشتنی بێ تاوان و ڕێگرتن لەخەڵکی ئاسایی کارێکی ناڕەوایە (( کۆمەڵە ڕێگری و ئینسانی بێ خەتاو بێ گوناه کوشتن بەکارێکی زۆر خراپ و قەباعەت حیساب دەکات )) (پ.ل٩٦).

## ٢- ڕووداوی خەیاڵی

ڕۆمانووس ڕووداوە واقیعەکانی ئەو سەردەمەی وەرگرتوون و بەشێوازێکی هونەری لەچوارچێوەیەکی ئەدەبیدا دایڕشتونەتەوە و لەهەندێ شوێندا دەسکاری ڕووداوەکانی کردووە و ڕووداوی خەیاڵی لەجێگە داناوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، ئەگەر خوێنەر لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە نەبووبێ یاخود شارەزای مێژووی ئەو سەردەمە نەبێت هەست بەو ڕووداوە خەیاڵی و گۆڕانانە ناکات، دەگونجێ نووسەر بەمەبەست ئەوەی کردبێ، چونکە ئەو ڕاستەوخۆ لەناو بارودۆخەکەدا بووە، بۆیە ناشێ کەوتبێتە هەڵەیەکی لەم شێوەیە، هەرچەندە بەهەڵەش دانانرێت، لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوەکانی لەناو قاڵبی ڕۆمانێکدا پێشکەش کردوون و لەڕۆمانیشدا بەکارهێنانی ئەندێشە تەکنیکێکی باوە، گرنگترین ڕووداوە خەیاڵییەکانیش ئەمانەن:

- ( قازی محمد ) لەساڵی ١٩٤٤ چۆتە ناو کۆمەڵەی (ژ.ك) (( لەئۆکتۆبەری ١٩٤٤ دا لەکۆبوونەوەیەکی نهێنی و تایبەتی بوو بەئەندام و ناوی نهێنی ( بینایی) لێنرا )) (مەحمود مەلا عززەت ٢٠٠١: ١٩٤)، بەڵام ڕۆمانووس لەڕۆمانەکەیدا وای خستۆتەڕوو کە (قازی) لە ساڵی (١٩٤١ ) ەوە لەناو (کۆمەڵە)دا بووە ، کاتێك شێرکۆ و پیرۆت دەچنە ماڵی میرزا قۆیتاس و دەبن بە ئەندامی کۆمەڵە و دوای چەند ڕۆژێك لەمانەوەیان لەو ماڵە بە (کاکە سوار) یان دەناسێنێت ئەویش بۆ سبەی شەوێ ڕاستەوخۆ بە (کاك بینایی) یان دەگەیەنێت لەوێوە پەیوەندی نێوان ئەو دوو لاوە لەگەڵ کاك بینایی دەست پێ دەکات و کاك بینایی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت ، ئەمەش لە ساڵی ١٩٤١ دایە ، لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە دەڵێت : ( پیرۆت هەتا ساڵەکەی لێکەوتنی ڕەزا خان لەسەر تەخت ، لەکانی سەوزە لەگەڵ کاك مامەندی باوکی خەریکی کار و کاسپی و کشتوکاڵ بووە . هەر ئەو ساڵە کاك مامەند دەیویست ژنی بۆ بهێنێ. بەڵام کارەساتێکی واهاتە گۆڕێ کەشایی و زەماوەند سەری نەگرت ))(پ.ل٣٧) .

---

– مێژووی نوێی هاوچەرخ ، دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، ل ١٦٩ – ١٧٦ .

– چێشتی مجێور ، هەژاری موکریانی ، چاپی سێیەم ، ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب میهرەگان ، ٢٠٠٩ ، ل٥٢ ، لەگەڵ ئەو لاپەڕانەی کە پەیوەندیان بەو بابەتانەی سەرەوە هەیە .

– یا خود ئەو ئەو کتێبە مێژووییانەی لەبارەی ( کۆماری کوردستان ) نووسراون ، لەوانە :

– جەمهورییەتی کوردستان، مەحمود مەلا عززەت، چاپی یەکەم، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

– حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

ئەو ساڵەی کە ( ڕەزاخان لەلایەن ئینگلیزەوە لەسەر تەخت لابراو کوڕەکەیان لەجێگەی دانا ساڵی ١٩٤١) بوو، ئەو کارەساتەی لەو ساڵەدا ڕوویدا، خۆ خنکاندنی (مرۆت) بوو لەوەرزی بەهاردا پاشان هەر لەوساڵەدا و لەوەرزی هاویندا شێرکۆ و پیرۆت مینە ئاغای کانی کیسەڵیان کوشت و بڕیاری ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوەیان دا لەگوندەکانیان ، دوای چەند شەو و ڕۆژێك بە (کاك بینایی) ناسێنران.

کەواتە بەپێی ڕۆمانەکە ( قازی محمد ) لەساڵی (١٩٤١) ەوە لەناو(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دا بووە .

- لەڕۆمانەکەدا باس لەڕزگار کردنی شاری ( سەردەشت) دەکرێت لەساڵی(١٩٤٥)و ڕزگار کردنی شاری (بۆکان) لەچلەی زستانی هەمان ساڵدا لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، بەڵام لەڕاستیدا جگە لەشاری (مهاباد) هیچ کام لەشارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەستی شۆڕگێڕە کوردەکاندا نەبوون بەتەواوی، ئەمە جگە لەوەی لاوانی خوێن گەرم و نیشتمانپەروەر لەشار ولادێ و ناوچەکانی دیکەوە دەهاتنە ناو شۆڕشەکەو پەیوەندیان پێوە دەکردن .
- لەهەنگاوی کۆتایی ڕووداوە سیاسیەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە چلەی زستانی ١٩٤٥ (پێشەوا قازی محمد ) فەرمانی رزگار کردنی (مەڵبەندی سەقز)و ( دیواندەرە)ی دەرکردووە و داوا لەهێزی پێشمەرگە دەکات لەدەستی داگیر کەرانی ئێرانی ئەم شوێنانە ڕزگار بکەن ، لەکۆتایشدا هیزی پێشمەرگە سەر دەکەوێت و بەبێ شەڕ دەچنە مەڵبەندی سەقزەوە بەتایبەتی گوندی کانی سەوزە، بەڵام لەڕاستیدا شاری (سەقز) ڕزگار نەکرا نەپێش ڕاگەیاندنی کۆمار و نە لەسەردەمی دەسەلاتی کۆماردا ئەمەش یەکێك لەهۆکارە ناوخۆییە گرنگەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو کە (لەژێر گوشار و بەڵێنی یەکیەتی سۆڤیەتدا ئەم شارە ئازاد نەکرا، ئەگەر سەقز ئازاد بکرایە ڕێگای ڕزگارکردنی شارەکانی (بانە) و(سەردەشت) زۆر ئاسانتر دەبوون و ئەو کاتەش کۆمار فورساییەکی زۆری لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو جگە لەوەی سنوری سیاسی کۆمار فراوانتر و بەرەکانی جەنگیش گەورەتر و ئاوەڵاتر دەبوون و مەترسییەکانیش لەسەر (مهاباد) پایتەختی کۆمار کەمتر دەبوو).

کەواتە دەکرێت بڵێین: ئەمانە تەنها خۆزگە و خەیاڵی ڕۆماننووسە کە بەمەبەست ئەمەی کردووە لەلایەکی تریشەوە ڕۆمانی مێژووی مەرج نییە دەقاودەق گێڕانەوەی مێژووبێ، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات ئەوا لەتۆمار کردنێکی ڕووتی مێژوویی زیاتر هیچی دیکە نابێت (( هەرچەندە وێنا کردنی واقیع کامڵ بێت، بەڵام دەبێ دەسکاری ئەم واقیعە بکرێت و بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی هەڵدەستین بە کارێکی دیاریکراو،ئەویش داڕشتن و شێوە پێدانە بەشتێك ))(ڕێزان عوسمان ٢٠١٠: ٦٠).

## ئەنجام

لەکۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- پێناسەکردنی ڕووداو بەجۆرێك هەموو ڕەهەندەکان بگرێتەوە، کارێکی ئاستەمە، چونکە پەیوەستە بە توخمەکانی دیکەوە لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی ژیان.

٢- ڕۆمانی( پێشمەرگە )لەژێر کاریگەری هەستێکی نەتەوایەتی قووڵدا لەگەڵ غوربەت و دووری لە نیشتمان و دۆست و ئاشنایانی، لەلایەن (د.ڕەحیمی قازی)ەوە نوسراوە، بۆیە ڕۆمانێکی هونەری و مێژوویی و ڕووداوییە.

٣- دوو ڕووداوی سەرەکی (کۆمەلایەتی ، سیاسی) بوونیان هەیە لەگەڵ چەند ڕووداوێکی لاوەکی، زۆربەی ڕووداوەکانی واقیعین جگە لە سێ ڕووداوی خەیاڵی.

٤- لە ڕووداوە سەرەکیەکان، ڕووداوە کۆمەلایەتیەکە کۆتاییەکی داخراوی هەیە، بەلام ڕووداوە سیاسیەکە کۆتاییەکەی کراوەیە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێب:**

١. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، شوکریە رسول(د.)، مطابع تعیلم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.

٢. بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠)، ڕێزان عوسمان مستەفا، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠ .

٣. بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار علی دا ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

٤. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار علی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەریەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦. نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)دا، فەهمی شوکر عەبدوڵلا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٠٦.

٧. جەمهوریەتی کوردستان، محمود مەلا عیززەت، چاپی یکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١،ل٧٦.

٨. چێشتی مجێور ، هەژاری موکریانی ، چاپی سێیەم ، ناوەندی چاپ و بلاو کردنەوەی کتێب میهرەگان ، ٢٠٠٩ .

٩. ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا(کرمانجی خواروو ١٩٨٠ –ڕاپەرین)، پەروین عبدوڵلا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

١٠. فەرهەنگی گیرفانی ئۆکس فۆرد،ئینگلیزی-کوردی،سەلام ناوخۆش، چاپی دووەم، لەبلاوکراوەکانی خانەی زانیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١١. فەرهەنگی ژیر، عەرەبی-کوردی، ڕزگار کریم، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٢. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، کردی-فارسی، هەژار موکریانی، چاپ ششم، چاپخانە انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٨.
١٣. کوردی هاوچەرخ، م.دارا تۆفیق، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- رانیە، ٢٠١٠.
١٤. کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
١٥. نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا (سالآنی ١٩٥٥-١٩٨٨)، حسێن عارف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٦. لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا(١٩٧٠-١٩٨٠)، ئیبراهیم قادر حمەمەد، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، ١٩٩٧.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی:**

١٧. گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد إسماعیل)دا، پەری صالح حەمید موفتی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١١.

**سێیەم : گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١٨. بنیاتی ڕووداو لەچیرۆکدا، محەمەد ئەحمەد حەسەن، گۆڤاری ڕامان، ژ.١١٥، هەولێر، ٢٠٠٦.

## ملخص البحث

الحدث هو ذلك الفعل الذي يعطى معنى مغاير من شخص لأخر و يعتبر رئيسياً واساسياً من كيفية سرد الرواية، لة علاقة مكملة و قوية بالشخصية و الوقت و المكان.

بحيث لا يمكمن لآي واحد منهم ان يكون لة مكانته الفنية في النص، ويعتبر العنصر الأساس الأول في السرد، وبنوعيه ( الواقعي و الخيالي) و دور والمضامين الفنية التي هي الحدث الأساس و الحدث الفرعي يجب ان يكون له مقدمة والعرض و الخاتمة، لكي يكون عميلة متكاملة. بعدها تبنى بطريقة أو طرق أخرى ويسرد بأحدى أو اكثر الطرق الفنية للسرد.

وحدود بحثنا محدودة، وهي واحدة من عناصر السرد البحث حول كل واحد من العناصر يحتاج المدى واسع و وقت كثير. ولذلك اتخذنا (الحدث) فقط، لكي نتمكن وعلى قدر امكانياتنا أن نعطيه حقه، من النظرية وبعدها ونحققه في رواية ( پێشمەرگە).



## Abstract

The event is the act which gives a different meaning from one person to another and it is a major key to how the novel narrative، has a complementary relationship and a strong personality and the time and place.

So do not place any one of them to have a technical position in the text، it is the first main element in the narrative، and both types (the real and imaginary) and the role of the technical implications of that are the foundation event and Sub event must have an introduction، presentation and conclusion، in order to be a puppet integrated. Then it built one way or the other ways and lists in one or more technical methods of the narrative.

And the limits of our research is limited، and is one of the elements of the narrative research on each and every one of the elements requires a wide-ranging and more time. Therefore we have taken (the event) only، so that we can and as far as our potential to give him his due، from the theoretical and beyond and we are making in the novel (peshmarga).